www.kurdistannet.org

# بەرەی تورکمانی پێویستی بەگێچ و بەڵانسە!!

بۆتان تەحسین

ڕۆژنامەی (تورکمن ایلی) لە ژمارە (٦٠٢)دا بەمانشێتێکی گەورە هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشی لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی (دکتۆر سامی دۆنماز) سەرۆکی بزووتنەوەی ئیسلامی تورکمان بلاوکردۆتەوە، لە پێشەکی هەواڵەکەدا مۆژدەی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ناوبراو لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بووە، دواتر دێتە سەر ئاماژەدان بەناوەڕۆکی ڕووداوەکە، کە بەهۆی نەمانی ستۆپ ئوتومبێلەکەی وەرگەڕاوە و لە مردن ڕزگاری بووە. بۆ بەخشینی مۆرکێکی تیرۆریستیش بەڕووداوەکە لە هەواڵەکەدا دەگوترێ: کە دەستێک بەئەنقەست دەستکاری تاقم سوکانی ئەو ئوتومبیلەی کردووە.

سەیرتریش لەوەدایە کە سەروتاری هەمان ژمارە بۆ سەرکۆنەکردنی ڕووداوەکە تەرخان کراوە و تیایدا هاتووە: ئەو کردارە چەپەڵە درێژەی هەمان ئەو کردەوانەیە کە بوونە هۆی گیان لەدەستدانی باقر حەکیم و عەقیلە هاشمی.

خودی لێکدانەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ڕووداوەکە ئەگەری زۆر هەڵدەگرێ و ئەگەر ڕووداوەکە بەم شێوەیە بێ دەبێ کەسێکی ناوبازنەی بەرەی تورکمانی یانیش بزووتنەوەی ئیسلامی تورکمان ئەم کارەی ئەنجام دابێ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی بەرەی تورکمان دەگەیەنێ کە بەپەکخستنی ئوتومبێلەکانیان دەری دەبڕن، لەوانەشە دەرئەنجامی دۆرانێک بێ، کە لەم دواییەدا تووشی ئیفلاسی سیاسی بوون لە عێراق و هاتوونە سەر ساجی عەلی و هیچ وەزنێکیان لە ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی عێراق بۆ دانەنان.

ئەگەریش شتێکی هەڵبەستراوی ڕۆژنامەکەش بێ ئەوا پێویستە داوا لە ئەندامانی بەرەی تورکمانی بکەین کە بەر لە لێخوڕینی ئوتومبێلەکانیان گێچ و بەڵانسێکی ئوتومبیلەکانیان بکەن نەوەک ئەمجارە کەناری ڕێگاکان زۆر هەڵدێر بێ خۆیان بۆ نەگرێتەوە!.

دەکرێ ئەم ڕووداوە لەڕووی سیاسیشەوە سوودیی لێ ببینرێ گێچ و بەڵانسی بەرەی تورکمانیشی پێ بکرێتەوە و بەشێوەیەک عەیار بدرێ کە لەم گەرەلاوژییەی عێراق سەرپەلۆ نەبێ چونکە لەم زەمەنەدا ڕێکخراوە سیاسیەکان لەوانەیە هەر بەرگەی دۆڕانێک بگرن!! مەرجیش نییە هەموو وەرگەڕانێک خەتای تاقمی سوکان بێ، زۆرجاریش خودی شوفێر لەبارێکی دەروونی نائارامدا ئوتومبێلەکەی لە دەست دەردەچێ و وەردەگەڕێ.

botandargala@yahoo.com